زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# گوندی سرێشمە لێكۆڵینەوەیەكی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی

(پرۆژەی دەرچوون)

پێشكەش بە بەشی (مێژوو)ی كۆلێژی ئاداب كراوە،

وەک بەشێک لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە مێژوو

ئامادەكردنی قوتابی:

فرمێسک ئەحمەد محمد

بەسەرپەرشتی:

مامۆستا: شەرمین عبدالكریم

١٤٤٥ كۆچی ٢٠٢٤زاینی ٢٧٢٤كوردی

**ووته:**

((ئەگەر هەڵەت کرد، هەمیشە هەلێکی تر هەیە بۆ تۆ، لەوانەیە تۆ دەستپێکێکی پاکت هەبێت لە هەر کاتێک هەلی بژێریت بۆ ئەو شتەی ئێمە پێی دەڵێین سەرنەکەوتن، ئەوە کەوتنە خوارەوە نیە بەڵکو مانەوەیە لە خوارەوە)).

**(ماری پیکفۆرد)**

## پێشکەشە بە:

١. دایک و باوک و خوشک و برا خۆشەویستەکانم کەبەهەوڵ و ماندوو بوونیان گەیشتم بە قۆناغی کۆتا.

٢. وە مامۆستایەکی ئازیزم (م.شەرمین)، وە سەرۆکایەتی بەشی مێژوو، وە تەواوی دەستەی مامۆستایان.

٣. تەواوی ئەو کەسانەی یارمەتیان دام بەهەر وشەیەک لەم توێژینەوەیە.

## سوپاس و پێزانین


- سوپاس و پێزانینی بێ پایان بۆ پەروەردگاری جیهان.
- بۆ مامۆستا (م.شەرمین عبدالكریم) کە سەرپەرشتیارمان بۆ ماوەی چوار ساڵە هەوڵی فێرکردنمان دەدەن.
- بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و خۆشەویستانەی کە یارمەتی دەرمان بوون ئەگەر بە وشەیەکیش بێت.
- زۆر سوپاسی هەموو خەڵکی گوندی سرێشمە دەکەم بە هەموو چین و توێژەوە زۆر یارمەتیان دام.

# پێرست

پێشکەشە بە: ........................................................................................................ ب

سوپاس و پێزانین...................................................................................................... ج

پێرست .................................................................................................................. د

پێشەکی................................................................................................................ ١

دەروازە................................................................................................................. ٣

مێژوو و هەڵکەوتەی جوگرافیای سرێشمە............................................................ ٣

تەوەری یەکەم........................................................................................................ ٥

باسی یەکەم: پێگەی سیاسی سرێشمە لە سەردەمی حکومەتی عێراق........................ ٥

باسی دووەم: سیاسەتی حوکمەتی عێراق بۆ سەر سرێشمە (سووتاندن (١٩٧٠)،بەعەرەبکردن(١٩٨٠)، ویرانکردن، ڕاگواستنەوە)............................................ ٧

باسی سێیەم: بەژداری کردنی خەڵکی سرێشمە لە کۆماری کوردستان:.......................... ١١

باسی چوارەم :چەندین شۆڕش وڕاپەڕین لە ناوچەجیاوەزاکانی کوردستان وبەژداری کردنی سرێشمەیەکان.................................................................................. ١٢

تەوەری دووەم ....................................................................................................... ١٤

باردۆخی ئابووری سرێشمە ...................................................................................... ١٤

1.باسی یەکەم: زەوی وزارو موڵکداری _کشتوکاڵ و ئاودێری:.................................... ١٥

2. باسی سێیەم : بازرگانیکردن:................................................................................ ١٧

کەرتی جەرەب هێنان. ............................................................................................ ١٩

.3باسی چوارەم: پیشەگەری و پیشە دەستیەکان:................................................................... ٢٠

تەوەری سێیەم................................................................................................................... ٢٢

ڕەوشی کۆمەڵایەتی لەگوندی سرێشمە:.................................................................................. ٢٢

- **جۆرەکانی ژنهینان**................................................................................................. ٢٣

- **بۆنە میلییەکان (جەژنی ڕەمەزان، جەژنی قوربان) (جەژنی کوردی)**.................................. ٢٣

- **جەژنی نەورۆز**................................................................................................... ٢٤

باسی دووەم : ڕەوشی خوێندن لە گوندی سرێشمە :............................................................ ٢٤

دەرئەنجام.......................................................................................................................... ٢٦

سەرچاوەکان....................................................................................................................... ٢٧

پاشکۆکان: ........................................................................................................................ ٢٩

## پێشەکی

ئەم توێژینەوە بریتیە لە ناساندنی یەکێک لە گوندەکانی باشوری کوردستان سەر بە پارێزگای هەولێر وە سەر بە ناحیەی خەلیفانە لە قەزای سۆران لە پارێزگای هەولێر، لە توێژینەوە مەیدانیەکەم ئاماژەم بەناوەی گوند و شوێنی جوگرافیای گوندی سرێشمە کردووە.

**لە رووی سیاسی**: ئەم گوندە بەژداری کردوە لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان.

**لە رووی ئابووری**: لەڕووی ئابووری ئەم گوندە پشتی بەستووە بە ئاژەڵداری و بازرگانی و پیشە دەستیەکان وە کشتوکاڵی زۆر بە کەمی لێ کراوە چونکە ناوچەیەکی بەردەلان و شاخاویە. ئەم گوندە پەیوەندیەکی پتەویان هەیە لە نێوانیان جا ئەم پەیوەندیە ژن و ژن خوازی بێ یاخود خزمایەتی بێ لە خۆشی و ناخۆشی بەژدار یان دەکرد.

ئەم توێژینەوەیە لە ناوەڕۆک و سەرچاوەو سێ تەوەرە پێکهاتوە، تەوەرەی یەکەم لە چوار باس پێکهاتووە، تەوەرەی دووەم چوار باسە، تەوەرەی سێیەم لە سێ باس پێکهاتووە، وە دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەو پاشکۆ.

باسی یەکەم، باس لە پێگەی سیاسی سرێشمە دەکات لە سەردەمی حکوومەتی عێراق، باسی دووەم سیاسەتی حکومەت، باسی سێیەم بەژداری کردنی خەڵکی گوند لە کۆماری کوردستان، باسی چوارەم چەندین شۆڕش و ڕاپەرین لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان.

تەوەری دووەم باسی یەکەم لە زەوی و زارو موڵکداری دەکات، باسی دووەم کەرتی ئاژەڵداری، وە باسی سێیەم  باس لە بازرگانی دەکات لەنێو بازرگانی باس لە (کەرتی جەربهینان) دەکەین کە کەرتێکە لە بزن و مانگاو مەڕوماڵات پێکهاتووە لە سنوری ئێران بەشێوازی قاچاغ دەیان هێنا بۆ کوردستانی عێراق.

تەوەرەی سێیەم. پێکهاتووە لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی، باسی یەکەم داب و نەریت و بونەو ئاهەنگ و بۆنە میللیەکان دەکات، وە باسی دووەم باس لە ڕەوشی خوێندن دەکەین کە لە دێر زەمانەوە خەڵکی گوند خولیای زانست و زانیاری بوە، وە پشتم بەستوە بە چەند کتێبێک و چەند سەرچاوەی ئەلیکترۆنی وتوێژینەوەی مەیدانی وە لە کۆتایدا هیچ مرۆڤێک بێ کەم وکوڕی نیە جگەلە خودا وە لە هەموو کەم کوڕیەکانم ببورن.

## دەروازە

## مێژوو و هەڵکەوتەی جوگرافیای سرێشمە

**سرێشمە**: باشوری شارۆچکەی خەلیفانە، باکوری قەزای مێرگە سووره، ڕۆژهەڵاتی قەزای سۆرانە، ڕۆژئاوای قەزای ئاکرێیە، گوندەکە لە نێو حەوزێکی جوان و دلڕفین هەڵکەوتوە، هێڵی درێژی ٤٤.٤٠٦٧ هێڵی پانی ٣٦.٦٤١٤ سەرەتا سرێشمە ناوی زێبار بوە دواتر تورکە عوسمانیەکان هاتوونەتە ناو ئاواییەکە لەگەڵ خەڵکی کەوتنەتە گفتوگۆ پرسیاریان لێکردوون. بەڵام چونکە خەڵک زمانی تورکیان نەزانیوە هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوە، بۆیە تورکەکانیش ئەو خەڵکە دەڵێی هەمووی کەڕوڵالن و قسەناکەن (**سێلاشما**) واتا قسە ناکەن، بەهۆی گۆڕانکاری زەمان ناوەکە گۆڕدراوە بۆسرێشمە (سرێشمە، سەنتەری گەشەکردن و پەرەسەندنی یەکگرتنەوەی هەموو ڕێگاو بانەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک و موسڵ بووە، هەر کاتێ هێزێ یاخوود هەر لەشکر کێشیەک،([1]) هەولێدابێت بەرەو ئێران و ناوچەی پشدەر و باشوری عێراق هەنگاو بنێت، بە چەقی گوندی سرێشمە ڕەتبووە. ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێگایەی لەزاخۆ و موسڵ و دهۆک و بارزان و دۆڵی بیاو ڕوویانکردۆتە سرێشمە بەهۆی بوونی پردە بەردینەکانیەوە، وەکو (پردی نیان) و پردی(کەربەزە) پردی (بەکەف) ئەمانە هێز و توانا و ستراتیژیەت و بەهای بەرزی ژیانی و ناو و قورساییان بەخوودی ئەو گوندە مێژوویە بەخشییووە و هەزاران حیساب و کتابیان بۆ کردووە. دۆزینەوەی گەنجینەیەک لەساڵی(١٨٠٣) لەلایەن خانەوادەی ئافرەتێکی بەناوی (گوڵە کوڕ) کە دەکاتە پووری (معروف لەڕۆژئاوای سرێشمە، هۆکاری چوونە دەرەوەی خانەوادەی ڕووناکبیر و کارگێڕ و سیاسیی ناوداری([2]) جیاووک معروف جیاووکە، بۆ هەولێر و پاشان بۆ موصڵ و ئینجا بۆ بەغدا. میرنشینی سۆران پێگەیەکی کارگێری و کوردستان سەربازی بەهۆی دووهۆکاری سەرەکیەوە، وەرگرتووە([3])یەکێکیان، لەسەردەمی سەردانی گەشەکردن وپەرەسەندنی:

---

١ ئازاد سرێشمەی،ڕۆژە دژوارەکان لە هەگبەی بیرەوەرییەکانمدا ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولیر :٢٠١٦)لا٢٣

٢ د.ازاد عوبێد سالح.ڕۆڵی سیاسیی و کارگێڕی و ڕووناکبیری معروف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨،هەولێر،چاپخانەی حاجی هاشم(هەولێر ،٢٠١٢)لا٢٣

٣ موزەفەر عمر احمد، سرێشمەو پەڵکیشیەکانی مێژوو،دەستنووس،هێشتا بەچاپ نەگیشتووە)

١. پیدانی(شەمام) کچی تەمەرخان پاشا بە سەرۆکی تیرەی سریشمە، بەناوی محمد ئاغا، ئەم هاوسەرگیریە بووە هۆکاری ئەوەی زۆر لە یەکتریی نزیک ببنەوە.

٢. دانان و دروستکردنی دووقەڵای بەهێز و کاریگەر، تاکو بەشەکانی ڕۆژئاوای ڕواندز بپارێزێ) قەڵایەکیان لەسەر بەرزاییەکانی تاقگەی گەلی عەلی بەگ دروستکردووە بەناوی قەلای سەر دەریا، کەهەر چواردەورەی ڕووبارە)(١) لەدوای ڕووخانی میرنشینی سۆران و کۆتایی هاتن بەو دەسەلاتە، گوندەکەش وەبەر شەپۆڵی عوسمانییەکان کەوتووە و کە ڕەزو باخەکانی هەر هەموویان سووتاون و چەندین گەنج بەشێوەی سەفەر بەلەک بردوویانە و ئێستاش نەگەڕانەوە بۆ گوند، ئەم گوند بۆ ماوەیەک بەبێ سەردار و بەبێ گەورە مایەوە، چوونکە خەڵکەکە هەریەکە چوونە شوێنێک بۆ خۆشاردنەوەیان لەترسی عوسمانیەکان، بەڵام بەهۆی نەخۆش کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لاواز بوون و پچرانی دەسەلاتەکانی بەسەر هەموو .شوێنەکاندا، کەئەم بێ هێزیە درێژەی کیشا تاکو بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەم کاتێ ئیپراتۆریەتی عوسمانی بەژداری جەنگی کرد و یەکێک بوو لە دۆڕاوانی جەنگی یەکەمی دونیا، ئەمە ڕێگا خۆشکەربوو، بۆدروستبوونی چەندین دەولەت لەسەر میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ناوچەکەش بەتەواوی ئالۆگۆڕی ریشەیی بەسەر داهات و عوسمانییەکان.

١ عەبدولا غەفور ،فەرهەنگی جوگرافیای هەولیر ،چاپخانەی حاجی هاشم _هەولیر ،ل ٢٩٦

## تەوەری یەکەم

## باسی یەکەم: پێگەی سیاسی سرێشمە لە سەردەمی حکومەتی عێراق

کاتێ لەساڵی ١٩٦٣ گفتوگۆ لە نێوان حکوومەتی عێراق و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان گەیشتە حاڵەتی بنبەست، هەژموونی هێرش و سیمای لەشکر کێشی ڕۆژ بەڕۆژ بۆ سەر بەرەکانی پێشمەرگە بەدیار ئەکەوت، ئەمەش نیشانەی نیەت خراپی و نیاز گڵاوی سەرانی حکوومەت بوو، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش بە چەندین قۆناغی گرینگ و ستراتیژ هێزی پێشمەرگەی کشاندەوە، بۆ ئەوەی بەکەمترین زیان کۆتایی بەو کشانەوەیە بێنن، کە ئەوسا سەرکردایەتی کوردستان لە بالیسان بوو، کە شوێنێکی دابراو و دوورە دەست بوو لە ڕێگا سەرەکیەکان، بۆیە مەلا مستەفا بڕیاری دا، سەرکردایەتی سیاسیی بگوازرێتەوە سرێشمە، لە بەرواری ٦ ی ٥ ی١٩٦٣هەموو سەرکردایەتی شۆڕش ڕوویان لە گوندی سرێشمە کرد و بۆ ماوەی سێ هەفتە گوندی سرێشمە بووە، چەقی قورسایی لە باوەشگرتنی سەرکردایەتی و کارگێڕی بەرەکانی شەڕ لەهەموو کوردستان و بەرپرسانی حیزبی و سیاسیی و ڕۆشنبیرانی کوردستان، وە بارەگای بارزانی لە بەرزاییەکانی سەرشک دانرا، هەموو سەرکردە سیاسیی و حیزبی و هەواڵگریەکان، لە سریشمە یەکیان گرتەوە. لە

گرینگترین ئەو هۆکارانەی کە سەرنجی (مەلا مستەفا)ی، ڕاکێشا بۆ ئەوەی ڕووبکەنە ئەو گوندە، ئەم خاڵانەی خوارەوەن:-

- سرێشمە دەکەوێتە نێوەڕاستی سۆران و بادینان.
- ناوچەی بادینان و سۆران خاڵێکی گرینگە بۆ ئەوەی هێزەکان زوو بگەنە شوێنی مەبەست بۆ کۆبوونەوەکان.
- سرێشمە دەکەوێتە سەر ڕێگای بارزان و کە زۆر نزیکە لە بارزان([1]).
- سرێشمەییەکان بەتەواوی دابڕابوون لە حکوومەت([2]).

---

[1] سیرۆو دور،العمید الرکن التقاعد،کافی محمد النوی،مطبعة وزارة الثقافة لاقلیم کوردستان,العراق, اربیل'٢٠٠١,ص١٥٧.

[2] سیرە و دور. النفس المصدر, ص(١٥٧)

- ستەمکاری بەردەوامی حکوومەت بۆ سەر خەڵکی گوند، زیاتر خەڵکی بەرەو کۆبوونەوە دەبرد.
- هەموو خەڵکی گوند و سەرۆکی تیرەی سریشمە(ئەحمەد شاباز) چوونەپاڵ شۆڕش([1]).
- بەرژوەندیەکانی خەڵکی گوند وەهای دەخواست بۆ ئەوەی تێکەڵاویی و ئاوێتەبوون لەگەڵ بارزان هەبێ.
- پەیوەندیەکی دێرین و مێژوویی لە نێوان بارزان و شاباز سەرۆکی تیرەی سریشمە هەبوو. هەموو نەوەکانیش ئەو پەیوەندیان پاراستووە.([2]).
- پاراستنی سریشمە لەلایەن شێخانی بارزان، لە هەڕەشە و هێرشەکانی دەرەکی بنەمایەکە زیاتر پاڵ بەسریشمەییەکانەوە دەنێت، بۆ ئەوەی بەردەوامی بە پەیوەندیەکانیان بدەن.

---

[1] شەوکەت مەلا ئیسماعیل، نووسین و شیکردنەوەی جفرە، چاپخانەی هەژار موکریانی، چاپی یەکەم. هەولێر،٢٠٢٠،ل(١٠٤ -١٠٩).

[2] عزەت سلێمان بەگ دەرگەلەیی، شانێک بەبن بالی نیشتیمان ،چاپخانەی ئەحمەدی خانێ، چاپی یەکەم، سۆران،٢٠٢١، لا(١٠٠-١٠١).

## باسی دووەم: سیاسەتی حوکمەتی عێراق بۆ سەر سرێشمە (سووتاندن (١٩٧٠)،بەعەرەبکردن(١٩٨٠)، ویرانکردن، ڕاگواستنەوە).

ئەگەر بە ووردی سەیری گواستنەوەی خەڵکی گوند بکەین، بەچەند قۆناغێکی هەستیار و گرینگ تێپەریووە و تاکو جۆرەکانی گواستنەوەی خەڵکی جێبەجێکرا و ئینجا ئاراستەی کردوون و لە شوێن زیدی باب و باپیرانیان لەقبوون و رووەو شوێنی تر رۆیشتوون، بۆ ئەوەی مەترسی و گومانیان لەسەرەوە هەستی کاریگەریەکانی ناڕاستەوخۆی گواستنەوەی خەڵک لەلایەن حکوومەت بەسەر دانیشتوانی سریشمە، کە ئەمانەی خوارەوە بوو.

١-دروستبوونی هەژموون و هەڕەشە و گومانەکان بەسەر دانیشتوانی گوند، ئەمە وای کرد، خەڵک رۆژ بە ڕۆژ ترس و لەرزیان بۆ دروستبێت بەنسبەت حکومەتی عێراقی کە هەمیشە ئەم جۆرە سیاسەتەی لێ چاوەڕوان دەکرا. ئەمە حەشووەی تەقینەوەی ئاوارە بوون و چۆڵکردنی خەڵکی گوند بوو .

٢-مامەڵەی دام و دەزگاکانی حکوومەتی عێراقی سروشتی و تەندروست نەبوون، بۆ ئەوەی دانیشتوانی گوند گومانیان لێ نەکەن.

٣-گرتن و کوشتن و ئازار دان و راییی نەکردنی کاروباری هاوڵاتیان و شەڕ پێفرۆشتن و چەپڵەترین گەمارۆدانی بەردەوام بۆ سەر خەڵکی گوندی سریشمە پەیڕەو کراوە.

٤-دانانی دەیان خاڵی سەربازی لە شوێنە بڵند و ستراتیژیەکان، ئەمە مەترسیدارترین بنەمایە بۆ ئەوەی ئەڵقە بەندی سەربازی بە دەورەی سرێشمە بکێشن و بۆ ئان و ساتێکی دیاری کراو، لەئامادەباشیی دابن .

٥-پشکنینی بەردەوام بۆ دانیشتوانی گوند، ئەمە خاڵێکی ستراتیژ بوو، بۆ ئەوەی ڕاوکردنێکی نهێنی و لەسەرەخۆ رووبکاتە نێو دانیشتوانی سرێشمە بۆ ئەوەی بەرەو هەندێ شوێنی تر برۆن.

کاتێ لەشکری ڕەگەزەکانی حکوومەتی عێراقی لسالّی ١٩٦٣ هێرشیان بۆ سەر سرێشمە ئەنجامدا، ئافرەتێک شەهید بوو، دوو لەجاش و بەکرێگیراوانیش کوژران، ئەمە سەرەتایەکی مەترسیدار بوو، لە ژیانی خەڵکی سرێشمە بۆ ئەوەی هەست بە مەترسی و هەڕەشەی بەردەوام بکەن بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خۆیان ئەمە پاڵنەرێکی راستەقینە بوو، بۆ ئەوەی پاڵ بە سرێشمەییەکانەوە بنێت، بۆ زستانی ساڵی ١٩٦٣ رووبکەنە ناوچەی پشدەر تاکو لەوی بمێنەوە.

لە گرینگترین ئەو کاریگەریانەی ڕۆڵی مەترسیداریان بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی گوند هەبوو، کە پێگەی ژیان و کاروباری ڕۆژانەیان لەقبێت و ساردی و سڕی لە نێوانیان پەرت و بڵاو ببێتەوە و هەژموونی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بچەسپێنێ و خەڵکی ناچار بکرێن، بچنە ژێر بڕیار و داواکاریەکانیان.

١-گرتنی خەڵک بۆ ئەوەی بەزۆری کاری چەکداری بەشێوەی جاش پۆلیسی و سەربازیان پێبکەن، بۆ ئەوەی خەڵکەکە ئاوێتەی حکوومەت و بەعس بێت.

٢-گەمارۆدانی بەردەوام بۆ سەر گوند و خەڵکی بۆ ئەوەی هێزی ترس و لەرز بەسەر دەروونیی تاک بڕوێنن، ئەمە بنەمایەکی گەوهەری راستەقینەبوو، بۆ ئەوەی دابڕانێکی حەتمی رووبدات.

٣-هێرشە بەردەوامەکانی ڕەگەزەکانی لەشکری حکوومەتی عێراقی بۆ سەر پێگەی گوند لەساڵی ١٩٦٣، کە ئافرەتێکیان شەهید کرد.

٤-سووتاندنی گوند لەساڵی ١٩٧٥ کە تێکڕای خەڵکی گوند بەشێوەیەکی ئاسۆیی ئاوارەی ئێران بوون.

٥-یەکلابوونەوەی خەڵکی گوندەکە بەتەواوی لە حکوومەت دابڕابوون، ئەمە خاڵێکی گەوهەری بوو، کە بەبەردەوامی حکوومەت و سرێشمەییەکان، گومان لەیەکتری بکەن.

یەکێک لەسیاسەتەکانی زەقی حکوومەتی عێراقی کە بەرانبەر بەدانیشتوانی سرێشمەی بەکارهێنا، سیاسەتی گواستنەوەی خەڵکەکەی بوو، کاتی لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول روویان کردە، وڵاتی ئێرانێ پاشمانەوەیان بۆ ماوەی دووساڵ ئینجا بەشێکی دانیشتوان بڕیاریان دا بگەڕێنەوە زێدی باب و باپیرانی خۆیان بەڵام ئاراستەی گەڕانەوەیان لەلایەن حکوومەتی ئێرانی و عێراقی گۆڕا، بە ڕێگای

باشوری عێراق بوو، ئەمە بووە سەرەتایەکی مەترسیدار بەنسبەت حکوومەت کە لە بەڵێنەکانی خۆی پەشیمان ببێتەوەو خەڵکەکەی هەر لە باشوری عێراق پەرت و بڵاو بکەنەوە و هەریەکەیان بۆ شوێنێکی نادیار ببن و لێکدابرانێکی دوور مەودا پێرەو بکەن، تاکو هێز و توانا و وزەی زمانی عەرەبی بەسەر بیرو خەیاڵیان داسەپێنن و بەرەو توانەوە لە بۆتەی کەلتور و کەلەپور و زمانەوانی و قسەکردنی بازاری ببن و کە خراپترین مەترسی و کاریگەری ریشەیی بۆ سەر ئاییندەی زمان و کەلتورەکان و جووڵەی ڕۆژانەی تاکی سرێشمەیی هەبوو، بەتایبەتی لەو شوێنانەی تای نیشتەجێکرابوون. زۆر بەزەحمەت خەڵکی یەکتریان ئەبینی مەگەر بە مۆڵەت و وەرگرتنی رای دام و دەزگاکانی حکوومەتی عێراقی نەبێت، ئەمە جۆرێکە کەپاڵنەرێکی بەهێزی عروبەی لەپشتەوەیە، بۆ زاڵبوونی زمانی عەرەبی بە شێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو و دارێژراوی شارەزایانی دەوڵەتی عێراقی تاکو ئاوارەکان بەشێوەیەکی گشتی بکەونە ژێر کاریگەری هەژموونی هەموو کەلتور و زمان و شێوەزارەکان و کەلەپور و داب و نەریت و هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی تاک، کە ڕۆژ بەڕۆژ هێزی مەترسیەکان و هەژموونگەرایی و  پاوانخواری سیاسەتی بەعەرەب کردن کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی بەسەر تاکی ئاوارەکانەوە دیار بوو.

وەلەلایەکی تر-خەڵکی گوند زۆریان بەرەو کوێستان و کۆچەری دەچوون، کە پیشەی هەندێکیان نەبووە و ژمارەیەک لە خەڵکی گوند و سرێشمەییەکانی خەلیفان ماڵیان بردە هەولێر بۆ ئەوەی خۆیان بشارنەوە و جۆرێک لەپارێزگاری بۆ خۆیان دابین بکەن، ئەمانە تاڕادەیەک سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

بەعەرەب کردن خراپترین دروشمی ئاشکرای حکوومەتی عێراقی بوو، چوونکە ئەم جۆرە سیاسەتە ڕەگ و ریشەی تاک لە پەروەردەیەک بەرەو پەروەردەیەکی تری ئەبات، چوونکە گۆڕینی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئادابەکان دەتانین بڵێین ژیانی تاک بەرەو ئاراستەیەکی نادیار و لێڵ دەبات، خوێندنی بەزۆری لەساڵی ١٩٨٠ بۆ خەڵکی گوند کرایەوە، بەڵام هەندێ پەرتووکەکانی پرۆسەی خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو، بۆیە زۆر پەسەند کراو نەبوو، بەلای خەڵکی گوند .

ئەو خەڵکەی گواسترانەوە بۆ باشوری عێراق، هەموو منالان، زۆر بەشێوەیەکی کاریگەرانە کەوتبوونە ژێر هەژموونی مەترسیداری بە عەرەبکردن، چوونکە پرۆگرامی خوێندن هەمووی بە زمانی عەرەبی بووە، کاریگەریەکانی بەعەرەب کردن بەزۆری لەسەر منالان زۆر بەروون و ئاشکرا بەدیار کەوت،

چوونکه منالّ پەڕەی سپییە زوو فێر ئەبێت و زوو وەردەگرێت. ئەو منالّانەی لە باشوری عێراق چووبوونە بەرخوێندن، زیاتر کارو کاردانەوەی زمانی عەرەبیان پێوە دیار بوو، بەتایبەتی لە زمانی عەرەبی زۆر باش بوون، ئەو قوتابیانە ئاستیان لە قوتابیانی تر بەرزتربوو.

بەلاّم ئەوانەی بەتەمەن بوون، ئەوەندە زۆر کاریگەر نەبوون، بەو پرۆسەیە، تەنها زمانێکی بازاری و زارەکی خەلّک بووە، بۆیە وەرگرتنی هەژموونی بەعەرەب کردن کەمتر کاریگەری بەسەر ژیانی بەسالاّچووەکان داناوە، شێواندنی سیما جوانەکانی نەتەوە و کەلتورەکان و داب و نەریتەکان، بنەمای بەهێز و ستراتیژین بۆ ئەوەی هەڕەشە و مەترسیەکان لەسەر سرینەوەی خەلّک دروست بێت. یەکێک لەم سیاسەتانەی بەعەرەب کردن، خوێندنی منالاّن بوو، بەزمانی عەرەبی بوو، کە ئەمەش جۆرە ڕاگرتنێکی لەبەردەم پێشکەوتنی منالاّنی خەلّکی سرێشمە دانا بۆ ئەوەی تاکو فێری زمانی عەرەبی ببن و ئینجا جۆرە تێکەلاّویەک لە قوتابی و پرۆسەی زمانی عەرەبی هاتە کایەوە، بەلاّم ئاویتەبوونی قوتابییان و پرۆسەی پەروەردە رووی نەدا، وە لە نێوان خەلّک و دونیابینی کەلتوری و کەلەپوری و زمانەوانی و داب و نەریت و ئادابەکان عەرەب دروست نەبوو،([1]) بەهۆی کەمی مانەوەیان لەباشوری عێراق، لەهەمان کاتدا، خەلّکی گوند کاتێ گەڕانەوە گوند، گەورەترین بەربەست لەبەردەم پرۆسەی خوێندنی منالاّن دروست بوو، ئەویش ئەمەبوو، خوێندنی ئەوسای گوند بە کوردی بوو، ئەم جۆرە حالّەتە شێواوە، راستییەکی ئاشکرا و پێکدادانێکی پەروەردەیی و زمانەوانی لە نێوان قوتابییانی ئاوارەکان و پرۆسەی پەروەردە کە بەزمانی کوردی بوو، هێنایە کایەوە، ئەمەش بووە هۆی وەستانی زەمەنێکی دیاری کراو تاکو سەرلەنوێ منالاّنی ئاوارەبووی باشوری عێراق فێری زمانی کوردی دایک ببنەوە و بکەونە سەر پێی خۆیان و درێژە بەخوێندنی خۆیان بدەنەوە.

---

١ موزەفەر عمر احمد، سرێشمەو پەلّکیشیەکانی مێژوو،دەستنووس،هێشتا بەچاپ نەگەیشتووە.

## باسی سێیەم: بەژداری کردنی خەڵکی سرێشمە لە کۆماری کوردستان:

خەڵکی سرێشمە، لە دوو چینی سەرەکیی پێکهاتبوون، کۆچەری و گوندنیشینی. نزیکەی(١٦٠) کەس بەژداری راستەوخۆی ئەو کۆمارە ئەکەن، بەڵام بەهۆی دروستبوونی هەڕەشەکانی تاران و نزیبکوونەوەی مەترسیەکان، (شێخ ئەحمەد بارزان)ی بە (ئەحمەد شاباز) رائەگەیەنێت بە زووترین کات بگەڕێنەوە، کوردستان، چوونکە ئێمە زۆر کارمان بە ئێوە دەبێت، لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە.

١-ستراتیژیەتی گوندی سرێشمە لە ڕوانگەی بارزانیەکان، کە تەواو گرینگ و هەستیارە، بۆ ئەوەی سەروکاری خۆیان وابەستەی هێڵی سرێشمە و بارزان بکەن.

٢-هێزی مرۆیی سرێشمەییەکان، کە بە تەواوی چووبوونە پاڵ (بارزان)، بەهۆی ئەوەی سرێشمە و سرێشمەییەکان لە(شێخانی بارزان) پارێزراون و وە پاشخانێکی مێژوویی گرینگ و خێڵەکیی بەهێز لە نێوان بارزان و شابازی یەکەم دروستبووە، متمانەی خەڵکی سرێشمەش بنەمایەکی کاریگەر بوو، بۆ زیاتر تێکەڵاویی و ئاوێتە بوونیان([1]).

٣-نێزیکی سرێشمە لەبارزان و شوێنی گوندەکە لەسەر رێگای بارزان. بۆلای وەرزی پاییز سرێشمەییەکان گەڕانەوە بۆ سرێشمە و دەوروبەری بۆ ئەوەی شوێنی مەڕ و ماڵات دروستبکەن و بۆ بەسەر بردنی وەرزی سەختی زستان بۆ حەوانەوەیان. گۆڕانکارییکی گرینگ و پڕ مەترسی بوو، بۆ سەر ژیان و گوزەرانیان کە هەمیشە گومان و هەڕەشەکان بەسیمای حکوومەتەوە دیار بوون.

لە دوای گۆڕانی سیستەمی پاشایەتی هاتنی کۆماریەکان بەسەرپەرشتی عەبدولکریم قاسم، بڕیارێکی گرینگ و ستراتیژی دا، بۆ ئەوەی ئەو کوردانەی لە دەرەوەی وڵاتن، بگەڕێنەوە باوەشی نیشتیمان. ئەوەبوو بارزانی و بارزانیەکان گەرانەوە بەم بڕیارە نیشتیمان هەناسەیەکی قوولی وەبەرهاتەوە.

---

١ سەردار محەمەد عبدالرحمن وهۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، ئەتڵەسی مێژووی رزگاریخوازی کوردستان،،چاپخانەی تینووس، (هەولێر، ٢٠١٢،)ل٨

## باسی چوارەم :چەندین شۆڕش وڕاپەڕین لە ناوچەجیاوەزاکانی کوردستان وبەژداری کردنی سرێشمەیەکان

چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین لە چەندین ناوچەی جیاواز سەری هەڵدا، وەکو ئاکرێ و هەریر و سوولێمانی و هەولێر و هەریر و باتاس، ئەم نیمچە شۆڕشانە کاریان کردە سەر خەڵکی کورستان بەگشتی و گوندەکەش بەتایبەتی بەهۆی زۆری و گەورەیی گوندی سرێشمە، کە بووە هۆی گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی خەڵکی گوند و جۆرێک لە هۆشیاری و بە ئاگاهاتنەوە لەنێویان ڕوویداوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دۆخەکان کردووە و کە بەژداری شەڕی ئینگلیزەکان بکەن، بەسەرپەرشتی (احمد شاباز)لە شەڕی باتاس لەتەک سورچیەکان کە (شێخ ڕەقیب) سەرپەرشتیی ئەکردن وە شەهیدێکیان دا بەناوی(حود حاصی)، کە گۆڕەکەی لەدەروازەی باتاس([1]).

بەرپابوونی هەردوو شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزان، زۆر کاریگەری بەتوانا و ریشەیی لەسەر تێکڕایی سرێشمەییەکان هەبووە، کەزیاتر تەکان و هێزی وەبەر (ئەحمەدشاباز) بەخشیی بۆ ئەوەی دەست بۆ دوو گۆڕانکاری گرینگ و ستراتیژ درێژ بکات و وەکو شۆڕشێک سەیر بکرێت لەروانگەی سرێشمەییەکان. کە گۆڕانکاریەکانیش ئەمانەی خوارەوە بوون:

١. دەرهێنانی سرێشمەییەکان لە ژێر دەستی ستەمکاری و سوخرەکێشی، کە چیتر ئەم کارە نارەوایە، بۆ هیچ کەس نەکەن .
٢. چیتر باج و سەرانە نەدەن، بە خێڵی باڵەکی.
٣. لە نێوان شۆڕشی یەکەمی بارزان و دووەمی بارزان، سرێشمەییەکان، بەرەو حەسانەوە و هەڵمژینی هەوای ئازادی هەنگاویان ناوە و بەڵام هەندێ مەترسی و هەڕەشەی تریان بۆ

---

١ سەردار محەمەد عەبدولرەحمان وهۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، ئەتڵەسی مێژووی رزگاریخوازی کوردستان،چاپخانەی تێنووس، (هەولێر، ٢٠١٢)، ل٨٢

دروستبوو، ئەویش بەهۆی ژن و ژنخوازی لەگەڵ سەرۆکی خێڵی سورچی ئەم هەڕەشانەش بە کۆتا هاتن و ئاسایش و ئارامی تەواو باڵی کێشا بەسەریانەوە.

دوای بریاری ئەنجومەنی وەیران، لەبەرواری ١٢-٢-١٩٤٤ شێخ ئەحمەد بارزانی گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان لەکاتی گەڕانەوەی لە گوندی سرێشمە بووە میوانی ئەحمەد شاباز سەرۆکی تیرەی سرێشمە(١)وە خەڵکی ئەم گوندە زۆربەیان شۆڕشگێڕو نیشتیمان پەروەر بونە لەهەموو قوناغەکانی شۆڕش(٢).

١ أزاد عوبێد ساڵح ،سەرچاوەی پیشوو

٢ جەمال مورتکە ، چیا خۆی دەنوسیتەوە ،چاپخانەی هێڤی سالی ٢٠٠٧

## تەوەری دووەم

## باردۆخی ئابووری سرێشمە

ئەم کەرتە تاوەکو، ڕووخانی میرنشینی سۆران، گەورەترین و بەهێزترین بواری بەرهەم هێنانی ئابووری خەڵکی گوند بووە، کە زۆرینەی دانیشتوانی گوند خۆیان بە ڕەزو باخەکان خەریک کردووە بۆ ئەوەی داهاتێک بۆ خۆیان و ماڵ و منالیان مسۆگەر بکەن و ئەوەی سەر ڕێژیشە بۆ دەرەوەی گوندیان ناردووە و ساغیان کردۆتەوە، بۆ ئەوەی بۆشاییەکانی کەم و کورتیەکانی خۆیان پێ پڕ بکەنەوە و شەڕی مان و نەمان بەرانبەر بەژیان بکەن.

خانەوادەکان، بەشێوەیەکی گشتی خاوەن ڕەز و باخی تایبەتی خۆیان بوون، چونکە بڕبڕەی پشتی ئابووری خەڵکی پێکدەهێنا و شادەماری دابین کردنی زەخیرەی ژیان بووە لەکات و سەردەمی خۆیدا بەتایبەتی لەکاتی ڕووخانی ئیمارەتی سۆران گەورەترین کارەسات بەسەر دانیشتوانی سرێشمە هاتووە، کە تورکەکان لە تۆڵەی کوشتنی ژمارەیەک سەربازی خۆیان لە دەشتە دیان کە هێرشێکی قەبەیان بۆ سەر سرێشمە ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی لە تۆڵەی هێرشی باڵەکیەکان بۆ سەر جندرمەی تورکەکان لە سریشمەییەکان و سرێشمە بکەنەوە و رق و کینەی خۆیان بەسەر تەواوی چارەنووسە ستراتیژیەکانی ژیانی خەڵکی دابڕێژن و نەهامەتی و دەردەسەری ئاراستەی تەواوی خەڵکی بەیەکسانی بکەن، بۆ ئەوەی لاواز و کز و بێ دەسەلاتیان بکەن، بە شەڕی ئابووری.

کەرتی کشتوکاڵی بەتەواوی لە نێو دانیشتوانی گوند تەنها بۆ مەبەستی بژیوی بوە، بۆ ئەوەی پەرە بەجووڵە ئابووریەکانی خۆیان بدەن، نەیان توانیوە کەرتی کشتوکاڵی بە شێوازیکی باش ئەنجام بدەن، چونکە زۆربەی ئەم ناوچەیە بەردەلانە، کشتوکاڵکردنی زور لێ زەحمەتە.

لاواز بوون و پووکانەوەی ئەم کەرتە گرینگەی ئابووری دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سرێشمە لە ترسی دەسەلاتی تورکەکان، خۆیان لە دەشتی هەولێر و ناو هەولێر و ناوچەی بارزان و ئاکرێ و قەلادزێ حەشار دابوو، بۆ ئەوەی تورکەکان پێیان نەزانن، وە تاکو تورکەکانیش مابوون لە کوردستان جارێکیتر خەڵکی گوند نەیانتوانی ڕەز و باخەکانی خزمەت بکەن و

جۆرێک لە بوژانەوە و خزمەتکردن و پاراستنی ڕەزەکانیان بکەن. ئەمە کرۆکی نەمان و چارەنووسی کەرتی کشتوکاڵی بوو.

### ١. باسی یەکەم: زەوی وزارو موڵکداری _کشتوکاڵ و ئاودێری:

گوندی سرێشمە دامینی چیا(کیل) هەر چوار لای بە چیا دەورە دراوە زەویەکەی بەردەلانە، وە دەتواندرێ کشتوکاڵی لێ بکرێت وە خاکەکەی دێمەکارە لە هەرچوار دەوری سرێشمە کانی و ئاوی زور هەیە لە گرینگترین کانیەکان (کانی گەورە) لەناوەراستی گوندە سەرچاوەی ژیانی زۆربەی خەڵکەکەیە، وە کانیەکانی تر (کانی چیڕ، کانی توژگە، کانی حسین ئاودەلان، کانی پاشەکیل، کانی گا هەسپ)کانی گا هەسپ بە دوری ٤بۆ ٥ کێلۆمەتر کەوتوتە ڕۆژهەلاتی سرێشمە ئەم کانیاوە لە دامینی چیای برادۆستە لەسەر ڕۆخی ڕوباری زێی گەورە(١) لەناوچەیەکی تەنگەبەری سەخت هەڵکەوتوە، ئاوەی کانیاوەکەیە بەشێوەیەکی سروشتی لەکونێکی کەڤەرەکە دا دیتە دەرەوە، وە بەشێکی تری بەسەر گژوگیا و تاوێرەکانەوە بەشێوازی تاڤگە دەرژیتە ناو ڕوبارەوە. وە خاکەکەی لەبارە بۆ بەخێوکردنی ئاژەل وەک (بزن و مەڕو مانگا )(٢) وە ڕەزی زۆرە زۆربەی رەزەکانی بەشیوازی تەلان لە (کیل و کانی چیڕ) دا هەیە، وەهەروەها کۆمەڵێک پرد هەیە لە سرێشمە یەکێکیان (پردە نیان)(٣). کاتی خۆی سرێشمەییەکان کۆچەر بونە ئەم پردەیان بەکارهێناوە هاتوچۆیان لەسەر ئەم پردە کردوە بۆ ناو سەنتەری شار کە ڕواندوز بووە، سرێشمە ناوچەیەکی سەخت بوە بۆ ژیان کردن چونکە زستانی ساردەو، وە هاوینی گەرمە، بەهارو پایزی مامناوەندە. ڕەزێکم هەیە لەسرێشمەی، بۆ چونی یەکەم سرێشمە بەناوبانگە لەڕەز وەک ئێستاش شوێنێک هەیە بە ناوی گردی ڕەزەوان. بۆچونی دووەم پیاوێکی سرێشمە دەچێتە خوازبێنی کچێکی ڕواندزی، لەکاتی ئەوەی ڕێک دەکەون پیاوەکە بە ژنەکە

---

١ گوندی-سرێشمە-سرێشمە-یەکێکە-لە-گوندە-جوان-وڕەنگینە-کانی-دەڤەری-خەلیفان-سروشتێکی-ش/https://m.facebook.com/Geography.SCIENCEE/posts/١٧٩٥٠٢٤٦١٧٢١٣٧٦٣ /

٢ https://fb.watch/raXiLhIPCQ

٣ چاوپێکەوتن،محمد سالح ،بەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیری سرێشمە،لە دایک بووی ١٩٧٥ ، بەروار٢٩/٣/٢٠٢٤

دەڵێ ڕەزێکت پێشکەش دەکەم، بەناوی (کەوکەجوو) لەسەر ڕێگای سریشمە وە ڕواندوز، کاتێک ماڵی ژنەکە دەچن سەیری دەکەن تەنها ناوە، ژنەکە دەڵێ وای ڕەزم هەیە لە سریشمە.

## باسی دووەم: کەرتی ئاژەڵداری:

ئەو کەرتەیە، کە مەڕ و بزن و مانگا و جوانەگا دەگریتەوە، کە نیوەی دانیشتوانی گوند خۆیان خەریکی بەخێو کردنی مەڕ و ماڵات کردبوو، کوێستان و گەرمیانیان دەکرد، بۆ ئەوەی داهاتێک بەم ڕێگەی ئەم کەرتە گرینگەی ئابووری بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و ئەوەی سەر ڕێژیش دەکات، بفرۆشنەوە بە بازاڕەکانی دەرەوە، تاکو بۆشاییەکانی پێداویستی خۆیان لە بوارەکانی ژیان پر بکەنەوە و ژیانێکی ئاسایی و تەندروستیانە و سروشتیانە بەرێوەببن([1]).

کەرتی ئاژەڵداری هەر لە دێر زەمانەوە، تاکو ئێستا پیشەی سەرەکیی نیوەی دانیشتوانی گوند بووە، بۆ ئەوەی مانەوەی خۆیان لە هەمبەر تەنگژەکانی ژیان و قەیرانەکان و ڕووداوەکان و کارەساتبارەکان و گرێ کوێرەکان و وشکە مامەڵەی دەسەلات و ڕۆژانەی خەڵک مەیسەر بکەن و ڕێگەنەدان و درێژە بە سروشتی ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن و بەجوانترین شێوە ژیان بەرێ بکەن. ئەم کەرتەش کەرتێکی گرینگ و ستراتیژی ژیانی خەڵک بووە، لە هەمانکاتدا، کەرتەکە جۆرە مونافەسەیەکی تیا بەدی کراوە، بۆ ئەوەی بەزۆری مێگەڵ و مەڕ و ماڵات قەبارەی خۆیان نمایش بکەن، لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بۆ ئەوەی هێز و شکۆی بپارێزن و ژیانیشیان بە شێوەیەکی ئاسایی بەرێوە ببن([2]).

دروستبوونی دەیان ئاریشەی جیاواز و کارەساتبار کە بەسەر کۆچەریەکانی گوند هاتووە و بۆتە هۆکاری سەرەکیی ڕوودانی گۆڕانکاری مەزن و خێرا لە ڕەوتی بیرو بۆچوونی تایبەت کە ژیانیان بەئاراستەیەکی تر بگۆڕێت و جۆرێک ئاڵۆزیەکانی سەرقاڵیەکان تێکەڵاویی کاروبارییان ببێت و زەحمەتێکی سەخت و دژوار بچێژن و ئەم شار و ئەو دەڤەر بکەن، لە پێناوی مانەوەیان لە ژیان و نواندنی بەرگریەکانی ڕاستی ڕاستەقینەی سروشتی خەڵک بۆ مانەوەی سروشتی جوان و شکۆی

---

١ چاوپێکەوتن ،شهاب سمەد ، لە دایک بووی ١/١/١٩٦٩،بەروار ١٨/٣/٢٠٢٤

٢ چاوپێکەوتن ،رئیس محمد ،لە دایک بووی ١/١/١٩٧٠ ،گەڕەکی برایەتی /سریشمە ،بەروار ٢٢/٣/٢٠٢٤

بەرزی کەڕامەت و هیوای بەرز بە ژیان بەڵام ژمارەیەکی کەم نەبێت کە مەڕ و ماڵاتیان نەفرۆشت کە تاکو ئێستا درێژە بەژیان و گوزەرانی خۆیان بەرێگای ئەم کەرتە ئەدەن.

سامانی ئاژەڵداریش تاکو ناوەڕاستی هەشتاکان باو بوو، لەساڵی ١٩٨٦کۆتایی بە زۆرینەی پیشەی سامانی ئاژەڵداری هات و کۆچەریەکان ژیانی گەڕۆکیان واز لێ هێنا و نیشتەجێبوون و خۆیان بەکاروباری ترەوە سەرقاڵکردووە بۆ مانەوەیان لە ژیان. وە هێنانی سامانی ئاژەڵداری لە وڵاتی ئێران تاکو ئەم ساتە هەمیشە بوون و بەردەوامی هەیە لە ژیانی گوند نیشینەکاندا.

## ٢. باسی سێیەم : بازرگانیکردن:

هەر لە دێر زەمانەوە پیشەی بەشێکی دیاری کراوی دانیشتوانی گوندی سریشمە بووە، ئەم کەرتەش هەر لەگەڵ ژیانی کۆچەری سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە، بەشێوەیەکی سروشتی رێڕەوی تایبەتی و بنەمای تایبەتی لەپشتەوە بووە، تاکو بەرەو پەرەسەندن و گەشەکردن هەنگاویی ناوە لە نێو دانیشتوانی گوند کە خەڵکی بەهۆی ژیانی کۆچەری چوونەتە وڵاتی ئێرانیٰ بۆ هێنانی هەر دوو جۆری شەکر و خوێ و مافوری کاشان و قەیسی و شیرێژ و پەنیر و سووف و توتن و جل و بەرگ و قووماشی جل و بەرگ و جۆرەها کەل و پەلی جۆراو جۆر کە خەڵکی لە گوند نەیانبووە، بۆ پڕ کردنەوەی بۆشاییەکانی ڕۆژانەیان کە کاریگەری بەسەر تەواوی ژیانییەوە هەیە، هەر هەموو ئەو کەل و پەلانەش لەنێو خۆیان ساغبۆتەوە، یان بردوویانە بۆ هەولێر و دەشتی هەولێر بەکەل و پەلی تر ئاڵوگۆڕیان پێ کردووە، بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی خۆیان پێ چارەسەر بکەن. ئەم کەرتەش تەنها وەرزی هاوین و پاییز کردوویانە ئەمەش بەهۆی گیرانی سنوورەکان بەهۆی کەوتنی بەفرێکی زۆر و کە هەموو ریگاو بانەکان قەپات ئەبوون.

بازرگانیکردن، هەمیشە لەگەڵ خەڵکی گوند ڕۆیشتووە، لەهەموو کات و سەردەمێکدا، کە بۆتە پیشەیەکی گرینگ و ستراتیژ لە کاروباروباری ڕۆژانەی هاووڵاتیانی گوند، بۆ ئەوەی بژێویی ڕۆژانەی خۆیان لەسەر ئەم داهاتە مسۆگەر بکەن، تاکو شەڕی ژیان و کاریگەریە مەترسیدارەکان سەر ئاییندەی ژیان و ڕەوتی گوزەر کردن و بەرهەم هێنان کەم بکەنەوە و ئاسایشی بەرهەم هێنان و پاراستنی

بەرهەم هێنان بەبەردەوامی بوونی هەبێت و خۆیان لەڕووداوی جۆراو جۆر رزگار بکەن، وە مانەوەی خۆی لەسەر شانۆی ژیان و کارکردندا بچەسپێنێت و ئیسپاتی خۆی لە کایەکانی ژیان بکات.

گۆڕانکاری گرینگ و بنەرەتی و ریشەیی هەمیشە لەبازنەی بازرگانیکردن و ئاڵوگوڕی جۆراو جۆر دێنە کایەوە، ئەمە گەورەترین بنەمایە بۆ ئەوەی ژیان و بنەماکانی ژیانێکی تەندروست و سروشتی بۆ تاک مەیسەر بێ، چونکە مرۆڤ بۆ دواجار بە ریگەی پیشەی بازرگانیکردن فێری تێکەڵاویی و شارەزایی و وەرگرتنی جیاوازیەکان و نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی هێزی ئاوێتەبوون و بەرفراوانکردنی بیرو خەیاڵەکانی دەکات، بەتایبەتی لەبواری جۆراو جۆری پیشەگەری و دروستکردنی گۆڕانکاری جۆراو جۆر لە کرۆک و رواڵەتی ژیان و ئەو بوارانەی پەیوەستن بە جوانکردن و جوانناسی ژیان. پیشەی بازرگانیکردن، مرۆڤ، لە قۆناغێکەوە دەباتە قۆناغێکی تر بەهۆی دونیابینی و ڕسکاندنی شارەزایی و فکری تایبەت بە گەشەکردن و پەرەسەندن، کە هێزێکی کاریگەرە بەسەر ڕەوتی گۆڕانکاریەکان، کە ژیان بەرەو ئاراستەکانی هەڵتەکاندنی چەقبەستوویی ئەبات و هێواش هێواش ئاڵوگۆڕی جیاواز و جیاکاری تایبەتی کەلتوری و کەلەپوری و زمانەوانی و پەروەردەیی و زانیاری و رۆشنبیری بەسەر دادێت. تواناکانی بەدەستهێنانی بیرورای جیاواز هەمیشە یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی رووخساری بازرگانیکردن، ئەمە خاڵێکی بەهێز و کاریگەرە، لە نێو جووڵەی سروشتی تاک و دانیشتوانی سرێشمە، کۆبیری جیاوازیەکان لەبوارای کۆکردنەوەی بۆ چوونە گرینگ و هەستیارەکان، کە رۆڵ و کاریگەری مەزن و بەهێز دەگێڕێ، بۆ بە دیارخستن و وەگەڕ خستنی تواناکان و کەسانی بەهرەمەند و توانادار لە هەموو کایەکانی ژیان بۆ ئەوەی هەر یەکە بە پێی توانا و ئەمکانیاتی فکری و مەعنەویی و پووڵداری خۆیەوە بەژداری راستەقینەی رەگەزەکانی بازرگانی بکات، تاکو  پایەکانی کارکردن و بەژداری کردنی ئەم کەرتە ئابووریە گرینگەی ژیان بکات.

## کەرتی جەرەب هێنان[1].

هێنانی جەرەب و مەڕ و مالآت و بزن و مانگا لە ولآتی ئێرانێ پیشەی سەرەکیی زۆری دانیشتوان بووە، بۆیە ناتوانین نکوڵ لەو کەرتە گرینگەی ئابووری بکەین، کە بنەمایەکی گرینگ و هەستیار بووە و بۆ ئەوەی ئاسایشی خۆراک دابین بکەن، ئەم مەڕ و مالآتەش هەر لە نێو عێراق ساغیان ئەکردەوە، ئەمەش پیشەی بەشێکی زۆرینەی دانیشتوان بووە، چونکە ڕۆڵی لە بوژانەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵک و بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری تاک و خێزانەکان هەبووە، بۆیە ئێستاش ئەم کەرتە بوون و بەردەوامی هەیە کە خەڵکی پەیرەوی لێوە ئەکەن، بۆ ئەوەی داهات و بژێوی خۆیان دابین بکەن.

هێنانی جوانەگا و سامانی ئاژەڵداری تر لە ولآتی ئێران، بناغەی دروستبوونی جووڵەی بازرگانی و گرینگیپێدانە بەو کەرتە ستراتیژەی ئابووری کە ئارامی ئاسایشی خۆراک بۆ دانیشتوان دابین ئەکات و چارەنووسیان بەرەو جێگیری و چەسپاندنی بنەماکانی بەرهەم هێنان دەکات، ئەمە خالێکی بەهێز و تەندروستە لەبواری گەشەکردن و پەرەسەندنی ئاراستەکانی بیرکردنەوەی تاک، بۆ ئەوەی کۆبیری خۆیان لەسەر بەهێزکردنی بازرگانیکردن بکەنەوە، تاکو ژمارەیەکی زۆری هاوولآتیان خۆیان بەو کەرتە گرینگەی ئابووری خەریک بکەن، کە بژێوی ڕۆژانەی خۆیان لەسەر ئەم کەرتە مسۆگەر بکەن(٢).

کەرتی جەرەب، بەکەرتێکی هەستیاری ئابووری دادەنرێت، کە ئاستی ئابووری تاک بەرز ئەکاتەوە و گۆرانکاری تەواو بەسەر گەوهەری ژیان و پایەکانی گەشەکردن و راگرتنی سروشتی گوزەر کردنی ژیان دەهێلێتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو ژیان بکەن. ئەم کەرتە زۆر خێرایە لەبواری بەهێزکردن و خۆدەوڵەمەند کردنی تاک، لەبواری سامانی دارایی و رەگەزەکانی تری ئابووری(٣). هەر چەندە بچینە نێو قووڵایی و گرینگی ئەو کەرتەی ئابووری زیاتر ئاشنایی لە گەڵ بەهێزی و ستراتیژیەتی تایبەتی ئەو کەرتە ئەکەین، کە چ رۆڵێکی گرینگ لە ژیانی تاک و کۆمەڵگا ئەگێرێ، کە تاک و کۆمەڵگا

---

[1] کەرتی جەرەب هێنان :ئەو کەرتەیە خەڵکی لە سنورەکانی ئیران (مەڕ و بزن و مانگا )یان دەهێنا بەشێوازی قاچاغ، بازرگانیان لە بازاڕەکانی کوردستان دەکرد.

٢ چاوپێکەوتن ،ئاری احمد ،لە دایک بووی ١/١/١٩٧٢،سەرێشمە ،بەروار ١٨/٣/٢٠٢٣.

٣ چاوپێکەوتن ، ڕەئیس محمد ،لە دایک بووی ١/١/١٩٧٠ بەروار ٢٢/٣/٢٠٢٤

لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ئەبات، وە کاریگەری خۆی لەسەر هەموو بوارەکانی ئەو کەرتە دادەنێت، کە بەرەو هەڵتەکاندنی چەقبەستوویی دەبات و ئاراستەکانی گۆرانکاری خۆی وەردەگرێت .

پەرەسەندنی سەرمایە و گەشەکردنی خۆشگوزەرانی و بەرفراوانبوونی بوارەکانی حەز و ئارەزووی تایبەتی تاک بۆ لایەنەکانی داهێنانە نوێکان، کە تا چ رادەیەک کاریگەریەکانی خۆی بەسەر رەوتی ژیان و گوزەرانی خەڵکی دادەنێت، لەبازنەی ئەو کەرتە هەستیارەی ئابووری بۆژانەوەیەکی شێوە ئاسۆیی سەراپای دانیشتوان دەگرێتەوە، ئەمە سەرەتایەکی نوێگەریە بۆ ئەوەی بەرهەمەکان و کەرەستەکان، کە بەرهەمی راستەقینەی پیشەسازین، سوودیان لی وەربگیرێ بە پێی قۆناغەکانی تەقینەوەی پیشەسازی و قۆناغەکانی گەشەکردنی چاخەکان و سەردەمەکان، کە چ هێزێکی کاریگەر و هەژموونکاریان بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەبووە([1]).

- کەرتی ساغکردنەوەی شمەک و بەرهەمەکانیان. ئەو بەرهەمانەی دەستکردی خەڵکبوون و لە خۆیان زیاد بوون، خەڵکی ناچاربوون کە بۆ دەرەوەی خۆیان ببەن، بۆ ئەوەی ساغیان بکەنەوە و چ بە پارە بێت یاخوود چ بە شمەکی جۆراو جۆر بێت، بۆ ئەوەی بۆشاییەکانی پێداویستی خۆیان پڕ بکەنەوە. ئەم کەرتە وەکو هەموو کەرتەکانی تر بە شادەماری دابین کردنی ئابووری خێزانەکان دادەنرێت، کە ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لەژیان و گوزەرانی تاکی سرێشمە.

## ٣. باسی چوارەم: پیشەگەری و پیشە دەستیەکان:

١ چاوپێکەوتن ، سەلیم سەمەد ،لە دایک بووی ١/١/١٩٨٠،بەروار٨/٤/٢٠٢٤

بەرهەم هێنانی کەل و پەلەکانی لەبواری کڵاو گۆریە و و بەڵەک پێچ و خوێدان و توورەگە و گوریس و تێڕ و تەنگە و ڕەشماڵ و  پێستە و خورچک و مافور و کوندە و جۆرەها کەل وپەل، کە دەستکردی دەستی خەڵکی گوند بووە، دروست کردنی رەشماڵ: لە مووی بزن، موویان لە بزن بریە  لە شەیان کردیە رێستیان، لە دوو داریان هەڵچنیە وکردووتیانە رەشماڵ، هەبووە لە عەردیان دروست کردیە هەبوە لە بە پێوە دروستیان کردیە ئەوەی لە پێوە وەکی دەرگا چوار چێوەکیان بۆ دروست کردیە سەرەتا. پێ دەگوترێت سەمتەک لە سەرەوە دوو کوێی هەبوە لە ژێرەوەش دوو کونیان دەکردوە لەم دوو دارەی گوی هەبوو. لەناوەراست گورد هەبوە، ریسی را چاندنەکە ئەستور بوو، تێوەرێخکە باریک تر بوومافور: مافور بە هەمان شێوەی ڕەشماڵ بوو بەڵام لە مووی بزن نەبوو لە خوری مەڕ بوو. وە هەروەها ڕیسەکانی ڕەنگا و ڕەنگ بوو دەیان بردە خم خانەی. بۆیە ئەو کەل وپەلانەیان بردۆتە ڕواندز و بالیسان و هەریر و شەقڵاوە و هەولێر و دەشتی هەولێر و ئاکرێ، تاکو ساغیان بکەنەوە یاخوود بە ئاڵوگۆڕ بە پێداویستی و کەل وپەلی تر بکەن، ئەمەش بەشێکە لە پڕکردنەوەی بۆشایی پێداویستیەکانی ژیانی تاک([1]).

شارەزایی خەڵکی گوند بنەمایەکی پتەوی و بناغەیی بوو، بۆ ناسینی ناوچەکان و شارۆچکەکان و ئەو گوند و دەڤەرانەی کە قورسایی دانیشتوانیان زۆر بووە، بۆتە شوێنی رووتێکردن و بردنی بەرهەمەکانی خۆیان بۆ ئەوەی ساغیان بکەنەوە،([2]) چ بەئاڵوگۆڕی شت بەشت یاخوود فرۆشتنیان بە پارە، بەهۆی گەڕان و سەردانیکردنیان بۆ هەموو شوێنەکان بەتەواوی زانیاریان لەبواری ساغکردنەوە و پێداویستیەکانی ناوچەکان و خەڵکی ئەو ناوچانە ئاخۆ تا چ رادەیەک پێویستیان بە کەل و پەل و جۆری بەرهەمەکان هەیە، بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بۆ ئەو شوێنانە ببن، کە بەزووترین کات دەفرۆشرێن و ساغ دەکرێنەوە، بۆیە شارەزایی تاکی گوند بنەمایەکی بنەڕەتیە، بۆ ئەوەی جووڵەی ئابووریانە ئەنجام بدەن و داهاتێکی باش و گونجاو بەدەستبێنن، تاکو ژیان و گوزەرانی خۆیان دابین بکەن.

[1] چاوپێکەوتن .بەهێز عزیز، لە دایک بووی ١٩٧٢، پیشە مامۆستا، بەروار ٣١/٣/٢٠٢٤

[2] چاوپێکەوتن . سەلیم سەمەد، پێشمەرگە  ،لە دایک بووی ١/١/١٩٨٠، بەروار ٧/٤/٢٠٢٤

## تەوەری سێیەم

### ڕەوشی کۆمەڵایەتی لەگوندی سرێشمە:

خەڵکی گوندی سرێشمە لەڕووی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی پتەویان هەبووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا بنەماڵەو حەشیرەتەکان ڕێگەیان نەداوە ببێتە هۆی لاوازی پەیوەندی نێوانیان ئەمەش وایکردوە لەزۆربەی خۆشی ناخۆشیەکان لەگەڵ یەکتری بەشداربن هاوکاری یەکتر بکەن جاران وەک ئستا تەکنەلۆژیا پێشکەووتو نەبوو خەڵکەکە و ڕیش سپی و بەتەمەن زۆربەیان لەماڵێک کۆدەبونەوە تاوەکوو درەنگانی شەو کاتەکانیان بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێشتر قسەی خۆش بەسەر دەبرد، هەروەها لەکاتی ناخۆشیش لەگەڵ یەکتری بوینە بۆ نمونە ئەگەر هاتبوایە یەکێک لەخەڵکی ناوچەکە پرسەی هەبوایە ئەوە خەڵکی ناوچە خۆیان بەخاوەنی پرسەکە زانیوە لەگەڵ خاوەن پرسەکە دەبوون وە خواردنیان لەماڵی خۆیان دەبرد بۆ ماڵی خاوەن پرسە:

### باسی یەکەم: داب ونەریەتی بوک گواستنەوە و پرسە:

کۆمەڵە داب ونەریتێک لە سرێشمە باو بووە وەک مەڕاسیمی بوک گواستنەوە کە خەڵکی هەموویان بەژدار بونە، سەردەمی کۆن زۆر جیاواز بووە بەراورد بە ئێستا بگرە لە کوردستان نەک تەنها سرێشمە بابڵێین سرێشمە ناوچەیەکی عەشائیرە هەستی خزمایەتی و تیکەڵاویان زۆرە زۆربەی دانیشتوانی گوند خزم دۆست و ناسیاو وئامۆزای یەکترن، وە لە چەند تیرەو هۆزە پێک هاتون کە بە ژن بەیەکەوە گری دراون، وەخاڵێکی گرینگ خەڵکی گوند بەتیکڕای خزم و دوست و ناسیاوە لەڕوی مادییەوە یارمەتی ماڵی زاوایان دەدا جا لەڕوی پارە بێ یاخود ئازووقە، لەسەردەمی کۆندا ئافرەتان خواردنی بوکیان دروست دەکرد وە ڕۆژی بوک گواستنەوە خەڵکی بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ بانگیشت دەکرا وە سەبارەت بە پرسە، پرسە لە سرێشمە. حەوت ڕۆژ بووە. سێ ڕۆژی یەکەم پیاوان لە مزگەوت دادەنیشتن دابوونەریەتی سرێشمەیەکان هەرسێ ڕۆژی پرسە. (خوانچە)یان دەکرد بۆ میوانان، وە خەڵک بەساڵ

جل و بەرگیان ڕەش دەکرد تەلەفزیۆنیان پی نەدەکرد وەک ڕێزێک بۆ خاوەن پرسە، بەڵام ئێستا ئەو داب ونەریتانە بەتەواوی لە ناوچوونە.

- **جۆرەکانی ژنهێنان**

**١ -پێتەک/** حاڵەتێکی ژنخواستن بوە لەنێو خەڵکی سرێشمە، ئەگەر کوڕەکە خوشکی گەورەی نەبوایە ئەوا ڕاستەوخۆ (منداڵی ساوا)منداڵی نێو لانکەیان وەک پیتەک ئەدا بەماڵی بوک کاتێک منداڵە کچ و کوڕەکە گەورە دەبون ئەو هاوسەرگیریان دەکرد بەبێ ڕەزامەندی هەردو لا.

**٢ -ژن هەڵگرتن/** ئەم جۆرەیان بەبێ ڕەزامەندی ماڵی بوک و زاوا. تەنها ویستی بوک و زاوا بووە، ڕادو دەکەوتن ژیانی هاوسەریان پێک دەهێنا دور لە خێزان .

**٣-ژن بە ژنی/ لە** سرێشمە ئەم جۆرە ژن هێنانە زۆر بوە لەسەردەمی کۆندا واتا بەدەل وە کوڕێک ئەگەر خوشکی هەبوایە ئەی دا بە برای بوک ئەو دەبوە ژن بەژنی بەڵام لە ئێستا دا ئەم جۆرە ژن هێنانە (پیتەک، ژن هەڵگرتن، ژن بەژنی) نەماوە.

- **بۆنە میلییەکان (جەژنی ڕەمەزان، جەژنی قوربان) (جەژنی کوردی)**

سەبارەت بە جەژنی ڕەمەزان خەڵکی دوای تەواو بونی ڕەمەزان یەکەم ڕوژی جەژن بە جل و بەرگی نوێ وخاوێن بەژداریان دەکرد لە مەڕاسیمی جەژن دوای تەواو بونی ئەم مەڕاسیمە لە مزگەوت دەست لەناو دەست و گەردەن ئازادی دەگەڕانەوە ماڵەوە ، بۆ نانی بەیانیان خواردن دروست دەکرا وەک (برنج، قەیسی، قوراو، گۆشت). وە دوای نان خواردن خەڵکی بەمەبەستی خەم ڕەوێنی سەردانی ماڵی پرسەیان دەکرد، وەسەردانی نەخۆشیان دەکرد بەحوکمی ئەوەی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی زور بەهێز بوە منداڵەکان دەگەڕان لەنێو ماڵان بەمەبەستی کۆکردنەوەی شیرینی دابو نەریەتی منداڵان بوە لەو سەردەمەدا ، بەهەمان شێواز جەژنی قوربان وەک ڕەمەزان وابوو جیاوازی جەژنی قوربان تەنها قوربانی کردن بووە. لە سرێشمە گۆشت دەکرایە خێر لە یەک شوێن کۆ دەکرایەوە دابەشی سەر گوند وە هەروەها گوندەکانی دەوروبەریش بگرە.

- **جەژنی نەورۆز**

سەبارەت بەم جەژنە، جەژنێکی نەتەوەی کوردە بەهەمان شێوازی هەموو کوردانی جیهان خەڵکی سرێشمە بەتێکڕا بە جل و بەرگی کوردیەوە دەچوونە ناوچەی بارزان لەیەک شوێن کۆدەبونەوە بە یاری کردن، هەڵپەڕکێی خۆشی هەرسێ. ڕۆژی جەژن بەژدار دەبون ([1]).

- **جل وبەرگ**

جل وبەرگی کوردی تایبەتە بەهەموو گەلی کوردەوە ، بەهەمان شیواز خەڵکی سرێشمە جل وبەرگیان کوردیە ،دەتوانین بلین جل وبەرگی سرێشمەیەکان جیاوازە لەگەڵ ناوچەکانی تر ، هەم لەڕوی ئافرەتان و پیاوانەوە ئەم جۆرە جل و بەرگە بۆ خۆشی و ناخۆشی بەکاردەهات وە جل وبەرگی ئەم گوندە بۆ جەژنەکا، بوک گواستنەوەکان، بۆنە نەتەوەیەکان . سەبارەت بەشێوازی جل وبەرگی پیاوان بەلەهجەی خۆمان (چیت) یاخود پشدین بەشێوازی گری گری دەبەستری ئەمەش تایبەتمەندیەکی ترە([2]). وە (جەمەدانیە) ڕەنگی ڕەش و سپیە لە نێو پیاوانی گەورە بەکاردەهات بۆ ئافرەتان جل وبەرگەکە پیکهاتبو لە (کراس جۆرە قوماشیکی تەنکە، کەوا (ئیلەگ ) بۆ ئافرەتی بەتەمەن لەسەر ئەم جل وبەرگە کوردیە (چارۆگ) بەکاردەهات کە جۆرە قوماشێکە لە دەستمال گەورەترە ئافرەتان بەسەر مل و شانی خۆیان دا ئەدا سیمایەکی جوانی بەم جلە ئەدا.

**باسی دووەم : ڕەوشی خوێندن لە گوندی سرێشمە :**

دوای ڕوخانی سیستەمی پاشایەتی لە عێراق وە گۆڕانی بۆ کۆماری وە بەهەوڵی مەعروف جیاۆک سرێشمەی بیر لە پەرەدان لە بواری پەروەردە یەکەم قوتابخانە لە دوای ١٩٥٨ لە سرێشمە دەکرێتەوە ئەو کات قوتابخانە لە خەلیفان و دەوروبەری نەبوە تەنها لە قەزای ڕواندوز هەبوە وە خەڵکێکی زۆر کەم بەژداری خوێندنی کردووە، لەم گوندە دا تەنها کورەکان نێردراون بۆ قوتابخانە وە لەناو عەشایردا زیاتر نێر سالاری یاخود پیاو سالاری باو بووە، نەیان دەهێشت کچ بچێتە بەر خوێندن لەبەر هۆکاری

[1] چاوپێکەوتن ، ١-کەکشار زینەل ،بەڕێوەبەری قوتابخانە، لە دایک بووی ١٩٨٦ ، بەروار٣١/٣/٢٠٢٤ .

[2] دوریە حسن ،ژنی مالەوە ،لە دایک بووی ١٩٨٠،بەروار ٢٢/٣/٢٠٢٤

عەشایری خوێندن تا ساڵی ١٩٧٠ پەرەیسەند وە چونکە سرێشمە سوتاوە ، وە زمانی عەرەبی بەکارهاتوە لە قوتابخانەکانی سرێشمە([1])، وە ئێستاش کاریگەری لەسەر ئەو منداڵانە کە خوێندنیان بەزمانی عەرەبی بوە کاریگەریان لەسەر ماوە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو قوتابیانەش کە خوێندنیان تەواو کردوە بە پەنجە دەژمێردرێن (م .مزەفەر ،م. فەرهاد ، م.حسین ،م.ئازاد ،م.شەهاب ،م.ئازاد) وە سی قوتابی کچ خوێندنیان دوای ١٩٨٠ تەواو کردوە لەو سەردەمە (زەریفستان ملابرایم،خان ابراهیم ،بەس اسماعیل) تا نۆیەمی بنەڕەی لەوکات خوێندن بۆیان زۆر قورس بووە زیاتر قوتابی چاوی کراوە دەبی دوای شورشی ئەیلول قوتابخانە بۆ عەسکەریەت بەکار هاتووە وە زیاتر ئەو بەربەستانە کەوتونەتەوە بەر فێرخواز. وە لەدوای سالی ١٩٩١ قۆناغی خوێندن دێتە ئاراوە، ڕاپەرینی ١٩٩١ دیتە ئاراوە وە ئەو ڕژێمەیان پاک کردەوە، وە قۆناغێکی نوێ سەریهەڵدا وە دوای سالی ٢٠٠٠ کچەکان پەرەیان بەخوێندن دە زیاتر هەستی خوێندنیان زیاتر بوە، وەدوای ٢٠٠٣ ترسی داگیرکاری نەماو سەدام حوسێنیان لەسێدارە دا وە ترسی داگیرکاری بەتەواوی نەما خوێندن زیاتر ئالآتر بو بۆ فێرخوازان ئێستا لە سرێشمە چەندین قوتابخانە هەیە (سرێشمەی بنەڕەتی، گەروەزینی ناوەندی کچان، دواڕۆژی کوڕان، ئامادەی زانستی، ئامادەی شەهیدانی سرێشمە) لە ئێستادا سرێشمە خاوەنی هەزاران قوتابیە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان وزانکۆ نێودەوڵەتیە جیهانیەکان .

[1] چاوپێکەوتن .سۆران شیرزاد ،لە دایک بووی ١٩٧٠ ،سەرۆک شارەوانی سرێشمە ،٢٠٢٤/٣/٢٧
https://fb.watch/qZgXDDmf5x/?mibextid=v7YzmG٢/

## دەرئەنجام

**لەئەنجامی تویژینەوەکەماندا ئەو چەند خالەی خوارەوە تیبینی دەکریت**

١. سـریشـمە، ناوچەیەکی شـاخاویە زسـتانی سـەختەو هاوینی گەرمە هێڵی درێژی ٤٤.٤٠٦٧.وە هێڵی پانی ٣٦.٦٤١٤

٢. سرێشمە، وەک خەزێنەیەک دەردەکەوێت کە چەندین جار زێڕی لێ بیندراوەتەوە .

٣. سریشمە، خاکەکەی دیمەکارە، وە ناوچەیەکی بەردەلانە تەنها بۆ ئاژەڵداری لە بارە، کشتوکاڵی زۆر بەکەمی لێ دەکرێت.

٤. لەڕوی کۆمەڵایەتی خەڵکەکەی پەیوەندیەکی پتەویان هەیە لە هەموو بۆنەو یاد و خۆشـــی و ناخۆشی لەگەڵ یەک بەژدارن.

٥. سـرێشـمە، لە عەشـیرەتی بالەکین وە سـەر بە تیرەی سـورچین وە لە ئێسـتادا لەسـنوری خەلیفان نیشتەجین.

٦. خەڵکی ئەم گوندە زۆربەی هەرە زۆریان بەژدار بونە لە شۆڕش و ڕاپەرینەکانی کوردستان .

٧. سرێشمە ناوچەیەکی گرینگ و ستراتیژ بووە بۆ میرنشینی سۆران و بارزانیەکان .

## سەرچاوەکان


١. أزاد عوبێد سالْح ،سەرچاوەی پیشوو.

٢. جەمال مورتکە ، چیا خۆی دەنوسیتەوە ،چپخانەی هیڤی سالی ٢٠٠٧

٣. سەردار محەمەد عەبدولرەحمان وهۆشیار محمەمەد ئەمین خۆشناو،ئەتڵەسی مێژووی رزگاریخوازی کوردستان،،چاپخانەی تینووس، (هەولێر، ٢٠١٢،)

٤. شەوکەت ملا ئیسماعیل،نووسین و شیکردنەوەی جفرە،چاپخانەی هەژار موکریانی، چاپی یەکەم. هەولێر،٢٠٢٠،

٥. عزەت سلێمان بەگ دەرگەلەیی،شانیک بەبن بالی نیشتیمان ،چاپخانەی ئەحمەدی خانیٚ، چاپی یەکەم، سۆران،٢٠٢١،

٦. موزەفەر عمر احمد، سرێشمەو پەڵکێشیەکانی مێژوو،دەستنووس،هێشتا بەچاپ نەگیشتووە


## لیستی چاوپێکەوتنەکان:

١. چاوپێکەتن ، کەکشار زینەل ،بەڕێوەبەری قوتابخانە ،لەدایک بووی ١٩٨٦ ، بەروار٣١/٣/٢٠٢٤.

٢. چاوپیکەوتن . بەهێز عزیز،لە دایک بووی ١٩٧٢،پیشە مامۆستا ،بەروار ٣١/٣/٢٠٢٤

٣. چاوپیکەوتن .سۆران شێرزاد ،لەدایک بوی ١٩٧٠ ،سەرۆک شارەوانی سرێشمە ،٢٠٢٤/٣/٢٧

٤. چاوپیکەوتن ، ڕەئیس محمد ،لەدایک بوی ١/١/١٩٧٠بەروار ٢٢/٣/٢٠٢٤

٥. چاوپیکەوتن ، سەلیم سەمەد ،لەدایک بوی ١/١/١٩٨٠،بەروار٨/٤/٢٠٢٤

٦. چاوپیکەوتن ، شهاب سمەد ،لەدایک بوی ١/١/١٩٦٩،بەروار ١٨/٣/٢٠٢٤

٧. چاوپیکەوتن ، ئاري احمد ،لەدایک بووی ١/١/١٩٧٢،سرێشمە ،بەروار ١٨/٣/٢٠٢٣.

٨. چاوپیکەوتن، محمد سالح ،بەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیری سرێشمە، لەدایک بووی ١٩٧٥ ، بەروار٢٩/٣/٢٠٢٤

٩. دوریە حسن ،ژنی ماڵەوە ،لەدایک بووی ١٩٨٠،بەروار ٢٢/٣/٢٠٢٤

**سەرچاوە عەرەبیەکان:**


١. سيرةو دور،العميد الركن التقاعد،كافى محمد النوى،مطبعة وزارة الثقافة لاقليم كوردستان,العراق, اربيل'٢٠٠١


**سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**


٢. https://fb.watch/qZgXDDmf5x/?mibextid=v7YzmG٢/

٣. https://fb.watch/raXiLhIPCQ/?mibextid=v7YzmG

٤. https://m.facebook.com/Geography.SCIENCEE/posts

پاشکۆکان:




سرێشمه


گا هسپ


کانی چێڕ